# ئەمشەو
# حەیران و گۆرانی دەشتی هەولێر دەکرێتە جەژنانە



هەولێر-وەك نەریتی ساڵانەی خۆی، تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر، لەوەتەی دەستی بەپەخشکردۆتەوە، ئاهەنگی حەیران و گۆرانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر دەکاتە دیاری جەژنە پیرۆزەی نەورۆز بۆ بینەرانی، ئەم بەرنامەیە لەئامادەکردنی حەمید سابیر، قاسم نوری، عەلی ئەحمەدی وێنەگرە.

لەم بەرنامەیەشدا کەئەمشەو پەخشدەکرێت، کۆمەڵێك دەنگی رەسەنی لاوك و حەیرانی دەشتی هەولێر بەشدارییان تێداکردووە لەوانە شێخ نەجاتی شێراوەیی، دەرفەت دونیایی، عەبدولرەحمان مەلازادە، زرارو شێروان شەیدا.

بەرنامەکەش لەوێنەگرتن و مۆنتاژی سامی فەتاح و سەنعان هەولێرییە.